

# سبەی جەماوەری کوردستان چاوی لـ

ئا: ڕێبین ڕەمزی

**وا بڕیارە سبەی سێشەممە یارییەکانی قۆناغی هەشتەی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ بە بەڕێوەچوونی چوار یاری ئەنجام دەدرێت، کە گرنکترییان یارییەکانی هەردوو نوێنەری کوردستان و عێراق هەولێر و دهـۆک-ە کاتێك دەبنە میوانی هەردوو یانەی بیرسیبۆرا جایابۆرای ئەندنووسی و وەحداتی ئوردنی.**



**هەولێر چۆن خۆی ئامادەکردووە**

یانەی هەولێر بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی مێژوویی لـە یارییەکی هەولێر و پیرسـیبۆرا جایابۆرای ئەندنووسـی تۆمار بـکات، کە لە ئەندنووسـیا بەڕێـوە دەچێـت، ئۆردوگایەکی مەشـقی لە وڵاتی مالیزیا ئەنجامدا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ و تەنیا یەك یاری دۆستانەی لەگەڵ هەڵبـژاردەی ئۆلۆمپـی مالیزیـا ئەنجامدا و ڕاهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ ڕۆژانە دوو یەکە مەشقی ئەنجامدا لەم ئۆردوگایە و هۆکاری دەستنیشان کردنی مالیزیا بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە، کە کەش و هـەوای مالیزیا لە کەش و هـەوای وڵاتی ئەندنووسیا نزیکە.

**گرێبەستی یاریزانانی یانەی هەولێر**

بۆ وەزری ئەمساڵ دەسـتەی کارگێڕی یانەی هەولێر گرێبەسـتی زۆربەی یاریزانەکانی نوێکـردەوە کـە ئەویش هەریەکە لـە (ئەحمەد ئیبراهیم، سـەعد عەتیە، مەهدی کەریم، ئاوس ئیبراهیم، نەبیل سەباح، حوسـێن عەبدولواحد، موسلم موبارەك، لوئەی سەڵاح، مستەفا ئەحمەد، سـەعد عەبدلئەمیر، حەیـدەر عەبدلئەمیر) و هەروەها گرێبەستی زۆربەی یاریزانە کوردەکانی نوێکردەوە (شوان مامۆ، دیدار حامد، سەرهەنگ موحسین، یونس شکور، هەڵگورد مەلا محەمەد) و گرێبەسـتی لەگەڵ ٧ یاریزانی تازە مۆرکرد بۆ ئەوەی تیپەکەی بەهێز بکات ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (قوسـەی مونیر، موسنی خالید، ئەمجەد ڕازی، ئەحمەد ئەیاد، حوسـێن عەلی وەحیـد، حاتم زێدان، حوسـام کازم)، و هەروەها متمانەی بە دەسـتەی ڕاهێنەرانـی یانەکە بۆ وەرزێکی تر نوێکرایەوە.

**یانەی هەولێر**
**دەستبەرداری شەش یاریزان بوو**

لـە هەمان کاتدا دەسـتەی کارگێڕی یانەی هەولێر لەسەر داوای دەستەی ڕاهێنەران بەفەرمی دەستبەرداری شەش یاریزان بوو ئەویش هەریەکە لە یاریزانان (موهەند سالم، عەلی جاسم، محەمەد عەلـی کەریم، عەلی خەزیـەر، دڵدار ئیبراهیم، دیار ڕەحمان) ئەم شەش یاریزانە لە وەرزی ڕابردوو بەشێوەیەکی سەرەکی یارییان نەدەکرد.

**بانگهێشت کردنی**
**پێنج یاریزان لە تیپی دووەم**

دەسـتەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر بڕیاری دا پێنج یاریزانی تیپـی دووەمی یانەی هەولێر بانگهێشـتی تیپی یەکەم بکات دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، ئەویـش هەریەکە لە یاریزانان (میران خەسـرۆ، ئامانج کەریم، نەوزاد شێرزاد، تاڵیب ڕەقیب، نیاز محەمەد) ئـەم یاریزانانە لە وەرزی ئەمسـاڵدا بەشـداری لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراق دەکەن.

**دوو یاریزان سبەی یاری ناکەن**

بەهۆی چەند کێشەیەکی تایبەت بەیاریزانەکان هەردوو یاریزان حاتم زێدان و حوسێن عەلی وەحید لە یارییەکی سـبەی سێشەممە بەشداری ناکەن بەهۆی سـەفەرنەکردنیان بۆ وڵاتی ئەندنووسیا، حاتم زێدان بەهۆی نەبوونی پاسـپۆرت و یاریزان



# ـــە هەردوو یانەی هەولێر و دهۆکە

حوســێن عەلی وەحید بەهۆی تاقیکردنەوەکانی کۆلێژ نەیانتوانی لەگەڵ شــاندی یانەی هەولێر سەفەر بکەن و هەروەها هەر پێنج یاریزان (میران خەســرۆ، ئامانج کەریم، نیازم محەمەد، نەوزاد شــێرزاد، تالیب رەقیب) بەهۆی نەبوونی ناویان لە لیســتی پاڵەوانێتییەکە بەشداری لەم یارییە ناکەن.

**یانەی دهۆك چۆن خۆی ئامادەکردووە**

بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یانەی وەحداتی ئوردنی یانــەی دهۆك ئۆردوگایەگی مەشــقی لە وڵاتــی تورکیــا ئەنجامــدا لەم ئۆردوگایەدا چوار یاری دۆســتانەی ئەنجامدا، کە گرنگتریــان لەگەڵ تیپــی دووەمی یانەی بێشــکتاش بوو و توانی بــە ئەنجامی (٤-١) ســەرکەوتن بە دەســتبهێنێت ئــەم ئۆردوگایە گرنگــی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ یانەی دهۆك بۆ ئــەوەی یاریزانەکان لە رووی جەســتەیی لە ئامادە بکرێن.

**یانەی دهۆك گۆڕانکاری لە دەستەی راهێنەران دەکات**

دەســتەی کارگێــڕی کاتی یانــەی دهۆك بڕیاری دا گۆڕانکاری لە دەســتەی راهێنەرانی یانەکە بکات، دوای ئەوەی گرێبەســتی راهێنەر ئەکرەم ئەحمەد ســەلمان بۆ مــاوەی یەك وەرز نوێکردەوە لە بەرانبەردا دەستبەرداری هەریەکە لە یاریــدەدەری راهێنەر حەیدەر مەحمود و ئیبراهیم عەبدلنادر و راهێنەر گۆڵچی وەسفی جەبار بوون و گرێبەســتیان لەگەڵ خالید محەمەد ســەبار مۆرکرد وەکو یاریدەدەری راهێنەر و کاوە ئیبراهیم وەکو راهێنەری گۆڵچی.

**گرێبەستی یاریزانەکان نوێکرایەوە**

دەســتەی کارگێڕی کاتــی یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەســتی هەریەکە لــە یاریزانان (عــودەی تاڵیب، ویســام زکی، یاســر رەعد، ئەحمەد ســەلاح، نەدیم کەریم، خالید موشیر، جاسم محەمەد سلێمان، ئازاد ئەحمەد، حەسەن محەمەد زبون، ئاماد ئیسماعل، جاسم محەمەد حاجی، ئەحمەد مامون، زێرڤان محەمەد، کاوە دینۆ، عەدنان عەتیە، ئەمجەد وەلید) نوێکردەوە بۆ ئەوەی لــە وەرزی داهاتوو لە یانەی دهۆك یاری بکەن و بتوانن لــە یارییەکانی قۆناغی هەشــت ئەنجامێکــی باش بە دەســتبهێنین، لــە هەمان کاتدا دەســتەی کاتــی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان (حەیدەر رەعد، حوســێن کەریم، موراد گەردی، ئوسامە عەلی، فەیسەڵ جاسم، عەلی بەهجەت، عەلا کاتع، عەلی عەبدولزیاب، عەلا ئیســماعیل) مۆرکردووە.

دهــۆك گرێبەســتی لەگەڵ ســێ یاریزانی پیشەگەر مۆرکردووە

بۆ ئەوەی تیپەکیان لە جامی یەکێتی ئاســیا بتوانێت ئەنجامێکــی باش بە دەستبهێنیت دەستەی کارگێڕی کاتی یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ســێ یاریزانی پیشەگەر مۆرکــردووە ئەویــش هەریەکە لە یاریزانان بورهان ســەهیونی یاریزانی یانەی جەیش سوری و ئەنس حەجی یاریزانی یانەی فەیسەڵی ئوردنی و محەمەد محەمەدیــان یاریزانــی یانــەی بەهمەن-ی ئێرانی.

هەمــوو جەمــاوەری کوردســتان رۆژی سێشــەممە چاوی لە ئەنجامی ئەم دوو یانەیە بۆ ئەوەی بە ئەنجامێکی باش شــادی بخرێتە نێو دڵیان و بە سەرکەوتنێکی باشەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.



# مۆندیالی گۆڕەپان و مەیدان کۆتایی هات




لە شـــاری دایگۆی وڵاتی کۆریای باشـــوور پێشبڕکێیەکانی ١٣ میـــن پاڵەوانییەتی جامی جیهانی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان کۆتایی هات و تیایدا هەڵبژاردەی ئەمریکا زۆرترین میدالیای زێڕی بەدەست هێنا، لەم مۆندیالەدا یەك ژمارەی پێوانەیی جیهانـــی تۆمارکرا لە لایەن یاریزانانی جەمایکا لە راکردنی ٤ جاران ١٠٠ مەتـــردا بە رابەرایەتی یاریزان یۆساین بۆلت و توانیان ماوەکە بە کاتی ٣٧ چرکە و ٤ لە ســـەدی چرکە ببڕن، بۆلت هەروەها توانی میدالیای زێڕ لە راکردنی ٢٠٠ مەتر بەدەســـت بهێنێ، بەڵام لە راکردنی ١٠٠ مەتردا بە هۆی هەڵەوە دوورخرایەوە.

هـــەر لەم مۆندیالە یاریزانانی روســـیا پلەی دووەمیان مســـۆگەر کرد و کینیاش بە پلەی ســـێیەم هات، ریزبەندی کۆتایی ١٠ هەڵبژاردەی یەکەم بەم شێوەی خوارەوە بوو:

| هەڵبژاردە | زێڕ | زیو | برۆنز |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ٥ | ٨ | ١٢ |
| روسیا | ٦ | ٤ | ٩ |
| کینیا | ٧ | ٦ | ٧ |
| جەمایکا | ١ | ٤ | ٤ |
| ئەڵمانیا | ١ | ٣ | ٣ |
| بەریتانیا | ١ | ٤ | ٢ |
| چین | ١ | ٢ | ١ |
| ئوسترالیا | ١ | ١ | ١ |
| ئەسیوبیا | ٤ | ٠ | ١ |
| ئۆکرانیا | ١ | ٠ | ١ |

## مان سیتی ٣ پێشنیاری گواستنەوەی شنایدەری رەتکردەوە




تۆڕی زە ســـاندی میرەری ئینگلیزی رایگەیاند راهێنەری ئیتالی رۆبێرتۆ مانشـــینی راهێنەری یانەی مان ســـیتی ٣ پێشـــنیاری ماســـیمۆ مۆراتی ســـەرۆکی یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی رەتکردەوە ســـەبارەت بە گواستنەوەی یاریزانی هۆڵەندی ویسلی شـــنایدەر لەیانەی ئینتەرەوە بۆ یانەی مان سیتی لەگواســـتنەوەی هاوینەی یاریزاناندا، ســـەرۆکی یانـــەی ئینتەرمیلان هیچ کێشەیەکی نەبوو لە فرۆشتنی یاریزان شنایدەر بۆ یانەی مان یونایتد یان یانەی مان سیتی بە تایبەتی کە هەردوو یانە بڕێکی گرانبەهایان پێشکەش کردبوو.

بە پێی راپۆرتەکە مانشینی هەر سێ پێشنیارەکەی مۆراتی رەتکردەوە کە بریتی بوون لە گۆڕینەوەی شنایدەر بە یاریزان کارلۆس تیڤیز، پێشنیاری دووەمیش بریتی بوو لە کڕینەوەی شـــنایدەر بەرامبەر بە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ، ســـێیەم پێشنیاریش بریتی بوو لە پێدانی بڕێك پارە بۆ یانەی ئینتەر لەگەڵ یاریزان تیڤیز بە شـــێوەی خواستن بۆ ماوەی یەك ساڵ.



# ئەدین ژیکۆ باشترینی خولی ئینگلتەرا بوو

ئەدین ژیکۆ هێرشبەری یانەی مانچستەر سیتی خەڵاتی باشترین یاریزانی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا بۆ مانگی ئابی رابردوو بەدەست هێنا، ژیکۆ لە سێ هەفتەی یەکەمی خولی ئینگلتەرا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد بە تایبەتی بەرامبەر یانەی تۆتنهام کە یانەکەی بە ئەنجامی (٥ – ١) گۆڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ژیکۆ سوپەر هاتریك(٤ گۆڵ) ی تۆمارکرد و هاتە پلەی یەکەمی گۆڵکاران بە تۆمارکردنی ٦ گۆڵ.
یانەی مانچستەر سیتی ئێستا بە هاوبەشی لەگەڵ یانەی مان یونایتد لە پێشەنگی یانەکان دێن بە کۆکردنەوەی ٩ خاڵ.
شایانی باسە خەڵاتی باشترین یاریزانی مانگ لە خولی ئینگلتەرا لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بانکی بارکلیز سپۆنسەری فەرمی خولی ئینگلتەرا بە هاوکاری چاودێران و شارەزایانی تۆپی پێ پێشکەش دەکرێت.

# زاڤی و کاسیاس بارودۆخی کلاسیکۆ هێور دەکەنەوە



هەردوو یاریزان ئیکەر کاسیاس و زاڤی هێرناندیز ئەستێرەکانی هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخی گرژی نێوان هەردوو یانە کە بەهۆی رووداوەکانی یارییەکانی کلاسیکۆ سەری هەڵدابوو، زاڤی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەنجامەکانی ئەم کۆبونەوەی ئاشکرا کرد و دووپاتی کردەوە هیچ کێشەیەك لە نێوان یاریزانانی هەردوو یانە نییە لەکاتی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا، هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە بە وتووێژکردن کێشەکان چارەسەر دەکرێن. زاڤی لە هەمان کاتدا دڵتەنگی خۆی دەربڕی لە رووداوەکانی کلاسیکۆی رابردوو بەڵام لەگەڵ کاسیاس گەیشتونەتە رێککەوتن کە بەرژەوەندی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بپارێزان بە مەبەستی بەردەوام بوون لە بەدەست هێنانی دەسکەوتەکان لە دوای بەدەست هێنانی جامی جیهانی ٢٠١٠.
زاڤی گوتی: کلاسیکۆ کێشەی زۆری نایەوە، بەڵام ئێمە رێککەوتین کە تۆپی پێمان خۆش بوێت و کارەکان لە ژووری خۆگۆڕین بە هێمنی ئەنجام بدرێت، ئێمە بڕیارماندا کە پەیوەندی نێوانمان ئاسایی بێتەوە چونکە ئێمە بەرژەوەندی تۆپی پێی ئیسپانیمان لاگرنگە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ ڕاگەیاندکارانی وەرزش کۆبۆوە



بەمەستی گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چالاکییەکانی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان لەبارەگای یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ڕاگەیاندنکارانی شاری هەولێر کۆبوونەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان باسی لەرۆڵی ڕاگەیاندن کرد لەبەرەوپێشبردنی ڕەوتی وەرزش لەکوردستان بەچەند بەڵگەیەك کۆبوونەوەکەی دەوڵەمەند کرد و لەدواییدا بەچەند پرسیارێك لەلایەن ئامادەبووانەوە و وەڵامدانەوی لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ و لەدواییدا دەستکرا بە هەڵبژاردنی نوێنەرێك لەشاری هەولێر بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاگەیاندنکاران، پاش دەنگدانی نهێنی ( کارۆخ لە تیف ) بووە بەرپرسی ڕاگەیاندنکارانی شاری هەولێر.

## وەرزشوانە دێرینەکانی

لەبارەگای یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و سەرۆکی لقی هەولێری وەرزشوانە دێرینەکان، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەرزشوانە دێرینەکان ئەنجامدرا، لەم کۆبونەوەیەدا سەرەتا سەرۆکی وەرزشوانە دێرینەکان(لقی هەولێر) (ڕەمزی وەلی ) باسی لەرۆڵی وەرزشوانە دێرینەکانی کرد، باسی لەو سەردەمەکرد کە وەرزشیان تیادا ئەنجامداوە لەسەر ئەرك و ماندوبوونی خۆیان توانیان وەرزش بەئەمرۆ بگەیەنن، داوای لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە هاوکاری وەرزشوانە دێرینەکان بەیاسا قبوڵ بکەن، لەدواییدا بەرێز(سەفین کانەبی )



# لە پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان.. کچانی سلێمانی باڵا دەست بوون

بەمەبەستی خزمەتکردنی یاری تێنسی سەرمێزی کچان لە شارەکانی کوردستان لە ئاستەکانی بچووك وبەرەوو پێشبردنی زیاتر ئەو یارییە لە کوردستان، لە شاری سلێمانی لە هۆڵی فایەق قەساب بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بەرپرسان و ئارەزوومەندانی یاری تێنسی سەرمێز، نووسینگەی ئافرەتانی سەر بە لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بە هاوکاری یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان و لقی سلێمانی یەکێتییەکە پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی کچانی هەریەك لە شارەکانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکوك) بەڕێوەچوو، بۆ ئاستەکانی خونچەکان، بێچوەشێران، تازە پێگەیشتووان بەشداریان لە پاڵەوانێتییەکە کرد کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاندو یاریزانانی کچی بەشدار بووی خولەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەشکرد، ئەنجامی کۆتایش بۆ هەرسێ ئاست بەم شێوەی خوارەوە بوو.

خونچەکان

١-هەڵبژاردەی سلێمانی

٢-هەڵبژاردەی هەولێر

٣- هەڵبژاردەی کەرکوك

بێچوە شێران

١- هەڵبژاردەی دهۆك

٢-هەڵبژاردەی سلێمانی

٣- هەڵبژاردەی هەولێر

تازە پێگەیشتووان

١- هەڵبژاردەی سلێمانی

٢- هەڵبژاردەی دهۆك

٣- هەڵبژاردەی هەولێر

لە کۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# (لقی هەولێر) پاداشتکران

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، باسی لەوەکرد کە هەموو تواناکانی خستۆتەگەڕ بۆئەوەی هاوکاری وەرزشـوانەدێرینەکان ببێت بەیاسا، بەڵام چەند کەسانێك هەن کەناهێڵن ببێت بەیاسا، لەوانە وەزیری رۆشنبیری و لاوان، کەسەرەکیترین کەسە بەربەست دەخاتە بەردەم ئەوهاوکاریەی کە دەدرێت بەوەرزشوانە دێرینەکان، لەدرێژەی قسەکانیدا بەڵێنی بەوەرزشوانە دێرینەکان دا کەمتەرخەم نەبێت لەهەوڵەکانی بۆ گەڕانەوەی ئەو هاوکارییە، شایانی باسە ئەمڕۆ ئەو بڕەپارەیەی کە بەوەرزشوانە دێرینەکان بەخشرا بڕی (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار دینار بوو وەکو جەژنانەیەك بۆ (٤٠) وەرزشوانی دێرینی شاری هەولێر تەرخان کرا.



# یانەی هەولێر دوو یاریزانی هەڵبژاردەی نێجیریا دەهێنێتە ریزی یانەکەی



بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی یانەکەی لە خولی بژاردە ی ئاسیا و جامی یانەکانی ئاسیا دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر قسەیان لەگەڵ بریکاری دوو یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی نێجیریا کرد بۆ ئەوەی یاری بۆیانەی هەولێر بکەن، یاریزانەکانیش لە جامی جیهانی لاوان لە چەند رۆژی رابردوو یارییان لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان کرد، لەمبارەشەوە عومەر مەجید یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر بۆ فایلی وەرزشی گوڵان دوا و گوتی «ئێمە لە ماوەی ڕابردوو پێنج یاریزانی نێجیریمان تاقیکردەوە، بەڵام ئاستیان وەکو پێویست نەبوو کە مەبەستمان بوو گرێبەستیان لەگەڵ مۆربکەین، چونکە ئێمە پارە بە یاریزانان دەدەین دەمانەوێ یاریزانێك بهێنین سوود لە تواناکانیان وەربگرین، گوتیشی ئەیوب ئەدیشۆش رازی نەبوو لەسەر ئاستیان بۆیە بەرێی کردن، گوتیشی ئێستا سەرقاڵی ئەوەین دوو یاریزانە نێجیریەکە رازی بکەین ئەوانیش یارییان بۆهەڵبژاردەی لاوانی نێجیریا کردوە، ئەیوب ئەدیشۆی راهێنەریش ڕازی بووە لەسەر ئاستیان. چونکە یارییەکانی ئەوانی بینیوە لە جامی جیهانی لاواندا، لە هێڵەکانی هێرشبەر وبەرگری یاری دەکەن ئەوانیش بەشێوەیەکی سەرەتایی ڕەزامەندی خۆیان نیشانداوە یاری بۆیانەی هەولێر بکەن، گوتیشی مستەفا کەریمان نەویست چونکە ئەو نیازی وابوو بە مەرج یاری بۆیانەی هەولێر بکات، ئێمەش گوتمان بە مەرج یاریمان ناوێ ئەو گوتی هەرکاتێك گرێبەستی دەرەوەم بۆ بێت یانەی هەولێر جێدەهێڵم ئێمەش گوتمان بۆیەك ساڵ دەبێت یاری بکەی.

# پاڵەوانێتی تێنسی سەرزەوی یاریزانانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو

بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری یاری تێنسی سەرزەوی لە شاری هەولێر، یەکێتی تێنسی سەرزەوی لقی هەولێر پاڵەوانێتییەکی بۆ یاریزانانی شاری هەولێر ئەنجامدا، کە زیاتر لە ٥٠ یاریزانی کوڕی پێشکەوتووی شاری هەولێر بۆماوەی یەك هەفتە بەشداریان کرد. لە ململانێەکانی خولەکە و بە درێژایی خولەکەش یاریزانانی بەشداربوو کێبڕکێان بوون لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکە و دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یاریزان (فارس ئەیاد ورێبین کەیفی)زۆر بە زەحمەت گەیشتنە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە،کە یارییەکانیشی رۆژانە لەسەر هەردوو یاریگەی تارتانی ئازادی و ئەکوا پارك بەرێوە دەچوو، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزش دۆستی یاری تێنسی سەرزەوی یاری کۆتایی لە نێوان هەردوو یاریزان فارس ئەیاد و رێبین کەیفی بەڕێوەچوو، لە یاریی کۆتایشدا هەردوو یاریزان ئاستێکی بەرزی یاری تێنسی سەر زەویان پێشکەشی ئامادەبوونی یارییەکە کرد. لە ئەنجامیشدا یاریزان فارس ئەیاد توانی لە یاریزان رێبین کەیفی بباتەوە بە ئەنجامی (٢-١)گێم ببێتە پاڵەوانی خولەکە. لە کۆتایشدا لەلایەن ئامادەبوانی یارییەکە خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانانی سەرکەوتوو دابەشکرا.

